لە ماوەی دوو ڕۆژی رابردوودا ٦٦ گەشت لەسەر هێڵی ئاسمانی عێراقی ئەنجامدراون

ئەمە شەمە ،وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی عێراق رایگەیاند، ڕۆژانی پێنجشەمە و هەینی رابردوو هێڵی ئاسمانی عێراقی ٦٦ گەشتی لە فڕۆکەخانەی نەودەوەتی بەغدا ئەنجامداوە، بەوەش کەی گشتی گەشتەکان گەیشتووەتە ١٣٦ گەشت.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی عێراق لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەکانی عێراق هێڵی ئاسمانی عێراقی تەنها لە ماوەی پێنجشەمە و هەینی رابردوودا ٦٦ گەشتی ئەنجامداوە، ئەوەش توانای کەمپانیاکە پشتڕاست دەکاتەوە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری گەشتەکان، بەتایبەتی دوای فراوانکردنی شوێنی گەشتەکانی، هاوکات هێڵە ئاسمانییەکانی دیکەش ٧٠ گەشتیان ئەنجامداوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو ئامارانە ڕێنگدانەوەی زیادبوونی خێرایی هاتووچۆی ئاسمانی و هەماهەنگی یەکگرتووە لە نێوان ئەو کارمەندانەی کە لە فڕۆکەخانەی نەودەوەتی بەغدا کاردەکەن.